# مەلەفی چیرۆك

(چیرۆکی چیرۆکنووسانی باشووری کوردستان)

**پیرەمێردی سەربان**
**شالاو عەبدوڵڵا**
**٢٠١٧/١١/٢٣**

مەلای سپێدە بانگدەدا، ئەو منداڵی خۆی دێتەوە یاد، وان شەوانەی بە تێپەڕبوونی پیرەمێردەکە بەسەر سەربانی ماڵەوەیان ڕادەبوو. هەڵبەتە تاکو ئێستا نەیتوانیوە نیگای نەستی لەو پرسیارە بقوچێنێت و بخاپێنێت؛ ئایا ئەوەی دەیبینی، هەستی پێدەکرد، مووچڕکی پێدادەهێنێت خەونە یان ڕاستی؟ ئەو لە خۆی دەپرسێت؛ چی هەیە لە بەینی خەون و هوشیاریی؟ چ ناوێک شک نابات ئەرای وەسفکردنی، پەی دەربردنی. ڕەنگە لە سەرینایی نابەردەستی وشەیەکی مانەندی ئەم دۆخە لە «هەڵواسران» لە زمانی کردیدا ملبداتە بەر ڕێسا بنشل و بنکەل و لەرزۆکەیلی وشەسازیی. وەلێ جارێ مشووری ئەوە ناخوا، فرە بیری لێناکاتەوە، جێیدەهێڵێ. ڕەنگە هەر وێژینگدان، یان دۆخێک لە مژوتەمی هەست، کڕەکڕ و گرێکوێرەی کەتوار، ناهۆشیاریی نەنووستوو، لە نێوان دوو هەسان دایت. لە ئاودڕی خەون و بێداریی بینەکێشیت، نە لە سنگی دەریایت، نە گەزێ لە خاک. زارۆوان بە خۆزاییی خودان ئاوەزگەلێکی بە تاس و لووس، سووک و تیوارن. تا بکرێ لە زێواری خەون و خەیاڵ جێدەکوتن، یان شولکی مرۆ گەورانە زارۆوان لە خاکی ژیواری ژینوار هەڵدەقەنێت.

ئەو ناتوانێت یادەوەریی خانووە ئاماڵ زەردەکەی گەڕەکی (حي الضباط) لە بیر بکا، زوو زوو تاسەی دەکا، گەرچی ئێستا خانووەکە ڕمێنراوە، بەر جادە کەوتووە، وەلێ خانووگەلێکی هاوشێوە و هاونەخشەی خانووەکەی مەڕ خۆیان هێشتانەکینێ ماون، پەڵە و لەکەی ڕۆژگاریان لێنیشتووە. وارە وارە بەنێو یادەوەریی وان ساڵانەی زارۆوایەتی ڕۆدەچێ، کێوماڵیان دەکا؛ ئەوسا گەڕەکەکە

ئامێـز و دوا سـەرپەنای پەڕیـوان، ئـاوارەی شـەڕی ناوخـۆ، دەرپەڕێنـدراو و دەربەدەربووانـی کەرکـوک و شـارانی تـر، فەقیـر و فەقـارێ هەولێـرێ بـوو. خانـووەکان لەسـەر هەمـان نەخشـە ڕۆنرابوون؛ ژووری میوان، دوو ژووری نووستن، نانخین، گەرماو، لـە چقـی خانووەکـە نەردەوانێـک ژێهەڵدەهـات، لـە نهۆمـی سـەرەوە یـەک ژوور نووسـتن، ماویارەکـەی سـەربان بـوو، کـە مێردڕەوێکـی بلۆکیـن چەپاڵـەی دەدا. لـە بـەردەم ژووری میـوان باخچەیـەک، لـە پـاڵ خانووەکـە حەوشـەیەکی درێـژ ڕاکشـابوو. خانووەیـل جـووت جـووت شـانیان بەیەکتـرەوە نابـوو.
ئـەو سـۆمای ڕوانینـی خسـتووەتە سـەر دەرەدێـی بیرهاتنـەوەکان، سـەربانی مـاڵ خشـتە چیمەنتـۆی چوارگۆشـەیی بـوون، درزی بەینـی خشـتە چیمەنتۆیـەکان قیـر ڕۆبردرابـووە نێوانـی، ئـەو لـە پـاڵ خوشـکەکانی کەرکـە قیریـان هەڵدەگرتنـەوە، لـە بـری بنێشـت دەیانجـوی. یـان ئـەو جـارەی لـە چۆڵەوانـی ئـەولای گەڕەکەکەیـان لـە دوورەوە تەماشـای فڕۆکەخانـەی هەولێـر و هەڵسـانی فڕۆکـەی دەکـرد. فرۆشـتنی گوڵەبـەڕۆژە و نانەحەلووکـە لـە کۆڵانـان. یەکـەم ڕۆژی چوونـی بـۆ قوتابخانـە. یەکـەم پێـڵاو کەلـە لاتەنیشـتەکانی گڵـۆپ دادەگیرسـا. یاریـی تۆپێنـە؛ بـە تۆبـزی دەیانکـردە گۆڵچـی، چونکـە لەبـڕی پـێ بەدەسـت بـۆ تـۆپ دەچـوو. شـکانی سـەری لـە ڕۆژی جـەژن بەهـۆی بەربوونـەوەی لەسـەر ئەسـپ و عارەبانـە... زۆری تریـش. وەلـێ تیشـکۆی هـزری لای دۆخـی «هەڵواسران»ـە لـە بەینـی خـەو و هۆشـیاریی. خەونەیـل مانـۆی خۆڵەمێشـن، خۆڵەمێشـی سـووتانی دارگەلێکـی بڕتـەڕ و بۆنـدار. لـە نیشـکەوە چمـا خـەون دەبینیـن؟ پرسـگەلێک لـە خـۆی دەپرسـێت؛ ئایـا خـەون لـەو شـوێنەدا سـەردەرناکا، کـە ژیـان تێیـدا بنپێکـراوە، ڕچێنـراوە، چکێنـراوە، چلمسـییە؟ خەونەیـل ناڵـەی ژینگەلێکـی لـە ژینخـراو، دەمانێکـی دەمبـردوو، ڕابردوویەکـی زگار و ڕازدارن؟ ئـەو لـە هـاواری مرۆگەلـی هەنووکـە ناترسـێ، لـە وان زریکانـە دەترسـێ لـە ڕابـردوو دێنـەوە، کەلێـن دەخەنـە ئاوێنـەی باڵانمـای ژیانـی ئێـرە و ئیسـە، وشـەکان وەردەپلێـن، مانـا ون و بـزر، پیتـەکان بێمـاڵ، ڕسـتە

بەبێ پێکهاتەکانی، کار و بکەر، بگۆ و بدۆ.
ئەوان شەوانی هاوین لە سەربانە فرەوانەکەیان لە ئاسمان ڕادەمان، دەڕازان. ئەوان لە سەرینایی بێکارەبایی لە ڕوانینە ئەستێر و مەستێران بەهرەوەربوون. ئەو لەگەڵ بانگی سپێدەدا، کە دەنگی دوورەژنەوی بانگی مەلا دەهات، ڕۆدەچووە دۆخێک لە بەینی خەو و بێداریی، واتە بەرزەخی نێوان خەو و هۆشیاریی، لەناو نوێن نەدەبزوا، وەلێ هەستەوەرەکانی بە کارا و بە ئاگا. پیرەمێردێک، کە شکار و ئاشکاری بە باشیی نەدەدیت، وەلێ تەنێ وەک دەرککردنێکی پێشهەستیی دەیزانی جلوبەرگی کوردیی لەبەرە، جەمەدانییەکی لەسەرە، مانۆی خێوێکی ڕەش، بە سەربانی ماڵی ئەوان تێدەپەڕێ، ڕوو لە مزگەوت دوور دەکەوێتەوە. پەیاپەی دووبارەبوونەوەی ئەو خەونەڕۆژکە، ئۆقرەی لێچکاندبوو، کەس باوەڕی پێنەدەکرد، هاودەردی نەبوو. وەلێ ئەو دواتر چێژی لێدەبینی، وەک شتێک تەنێ ئەو خودانیەتی، کەسی تر ڕازگری ئەو ڕازە نییە.

***